# هێلانەی مانگ و ستێران

**نەوزاد ڕەفعەت**

لە شەهێن نشین و قەڵای بەورانەوە
جۆگەی سوور و
جۆگەی ئارەقی ڕەندان و خۆرپەروەران
جۆگەی فرمێسکی بێداران.. ئەوینداران
لە دێرەوە/ خوڕ خوڕ دەڕژانە گۆلێکی
شیرینتر لە هەموو گۆلان
مەل/ دندووکیان لێ بدایە، مەست دەبوون
خۆشتریان دەچڕی و
پەڕی جوانتریان دەپۆشی
هەر مامزێ بینۆشیایە بە کەڵ دەهات
بۆ متفەڕک دەیانبردەوە کۆچەری
پەپوسێمانە/ مزگێنیی
بۆ ئەودیو تەلبەندان دەبرد
دار و بەردیشی خەنی کرد

گۆلی دێرین
قیبلەی بازان
سۆمای ڕازان
ئاوێنەی کچی کافرۆش
ژوانگەی ئاوێزان و ئەوین
ناز و فیزی هەڵنەگیرا و
بەبەرچاوی ئاسمانەوە
ماسییە زێڕەکانی خوران
بەبەرچاوی هەتاوەوە
چڵکاوی چڵێسی و ژاری
بێ مروەتیی تێ ڕژێنرا
ڕەنگی گۆڕا
(نەرسیس)یش تێی بڕوانیایە
زەندەقی لە ڕووی خۆی دەچوو
گۆلی گۆڕین
هێندەی نەبرد
قەوزەت گرت!
مرد!

چیای بە خوێن
چون گۆڕەز و
چون سەرتیز و



چون هەندرێن
لەحەژمەتان بوونە گلۆڵەی داوەبەن
هەر چوار چرا کزتر سووتان
لاڵ بوون شمشاڵ
نەیژەنەکانی کەناری سەریان هەڵگرت
قاز و قورینگ بۆ د ووووووووووو ر.. فڕین
زایەڵەی تووک و نزایان
لە کۆشکو سەرای کەڕەوە دەهاتەوە
چاویان ڕوون بووەوە قەل و داڵ
بۆقێ قیڕاندی: «ماڵئاوا
ماڵئاوا ئەی خۆشترین ماڵ!»
مایستڕۆش چیلکەی شکاند..
**«وای! باوکەڕۆ لە برینی خەنجەری پشت**
**(پێکەنینی وەک باران)(١) و**
**ئاگردانی جەژنیشیان کوشت!»**

لەو ڕۆژەوە چەمەری دەبیسترێتەوە
ئەستێرەیێ لە تاریکیدا دەبینرێ
تاقانە..تیژ تیژ
د
ا
د
ە
ڕ
ژ
ێ!
گوایە (حاجی)ش لە ئەستەمبووڵ خەونی دیوە و
لە خەوی بێ کۆتاییدا ڕاجفریوە!

دەماودەمیش دەگێڕنەوە:
**«هەبوو نەبوو گۆلاوێکی شین شین هەبوو**
**پەلکەزێڕینە لەم دەچوو**
**لە مێژوودا، لە زەیندا بووە برین**
**برینی حەزرەتی ئەیووب**
**برینێ کرمی هەڵهێنا**
**هێلانەی مانگ و ستێران**
**(با بردی)(٢) با**
**چۆن ئێزنگ و پووشوپەلاش**
**چۆن تانج دەبا**
**حەیف! ئاوا با بردی با**
**پەپوسێمانەش تووڕی دا شانە و نامە**
**کۆتایی هات شانۆنامە!»**
پاکنووس: شەوی سەری ساڵی ٢٠١٨

**١- (پێکەنینی وەک بارانت): لێکچواندنێکی جوانی (سەلاح شوان)ە، لەو ڕۆژگارەوە کە بە چێژەوە دەقی (دڵدارەکەم)م دەخوێندەوە، لە نائاگاییمدا نیشتووە.**
**٢- ڕۆمانە ناودارە تاقانەکەی (مارگرێت میتشڵ)ە. هەر بۆ زانین، فیلمەکەشی کە دیومە، لە لیستی سەد فیلمە ناوازەکانی سینەمایی ئەمەریکاییدا، چوارەمە. ساڵی (١٩٣٩) بەرهەم هاتووە و هەشت خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە.**